# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٣٧) سالی نۆزدەم ٢٠/ حوزێران / ٢٠١٩/ زایینی ٣٠/ جۆزەردان / ٢٧١٩ کوردی ١٧/ شوال/ ١٤٤٠ کۆچی

237


## لەم ژمارەیەدا:


**بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردستان** ل١

هەڵبژاردنی رێزدار(نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی) بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان

**بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردستان** ل٢

ناوزەدکردنی رێزدار (مسرور مسعود مصطفی بارزانی) بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ل٣

رێنمایی کردنەوەی لقی زانکۆی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ل٨

تایبەت بە کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی ناوخۆ** ل١٨

تایبەت بە ئەلیکترۆنی کردنی تاقیکردنەوەی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سەر بە وەزارەتی ناوخۆ

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی ناوخۆ** ل٢٠

تایبەت بە تۆمارکردن و پێدانی تابلۆی شارستانی (العراق_حلبجة) و فرۆشتنی ژمارە نایابەکان لە رێگەی زیاد کردنی ئاشکرا

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی تەندروستی** ل٢٢



ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎: (٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٣٧) السنة التاسع عش ٢٠/ حوزيران/ ٢٠١٩ ميلادي ٣٠/ جۆزەردان / ٢٧١٩ / كوردي ١٧/ شوال/ ١٤٤٠ هجري

237


The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

**في هذا العدد:**


**قرار رقم (٦) لسنة ٢٠١٩ برلمان كوردستان ـ العراق** ص ٢٣

انتخاب السيد (نيچيرڤان ادريس مصطفى البارزاني) رئيساً لاقليم كوردستان – العراق

**قرار رقم (٧) لسنة ٢٠١٩ برلمان كوردستان ـ العراق** ص ٢٤

تسميه السيد (مسرور مسعود مصطفى البارزانى) رئيساً لمجلس وزراء اقليم كوردستان ـ العراق

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٩ وزارة التعليم العالى والبحث العلمى** ص ٣

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٩ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٨

**بيان رقم (٥) لسنة ٢٠١٩ وزارة الداخلية** ص ١٨

**بيان رقم (٦) لسنة ٢٠١٩ وزارة الداخلية** ص ٢٠

**بيان رقم (١٨) لسنة ٢٠١٩ وزارة الصحة** ص ٢٢



No. 237 Date : Jun , 20 , 2019 Vol.: 19

چاپخانەی شەهاب هەولێر



http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار : ٦**
**مێژووی بڕیار : ٢٠١٩/٥/٢٨**

**بڕیار**
**ژمارەی (٦)ی ساڵی ٢٠١٩**

پشت بەحوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراوی وخاڵی ( ٥ و ٦ ) لە بڕگەی ( یەکەم )ی ماددەی (٤) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ ، پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی (٢٠١٩/٥/٢٨) بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:**
هەڵبژاردنی رێزدار(نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی) بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم:**
ئەم بڕیارە لە رۆژی (٢٠١٩/٥/٢٨)ـەوە کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە .

**د.ڤالا فرید أبراهیم**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار : ٧**
**مێژووی بڕیار : ٢٠١٩/٦/١١**

**بڕیار**
**ژمارەی (٧)ی ساڵی ٢٠١٩**

پشت بە حوکمی بڕگە (٣)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨)ی رۆژی ٢٠١٩/٦/١١ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:**
ناوزەدکردنی رێزدار (مسرور مسعود مصطفی بارزانی) بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:**
ئەم بڕیارە لە رۆژی (٢٠١٩/٦/١١) کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڤالا فرید أبراهیم**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ٨٠٥٤ لە ٢٠١٩/٥/٢٧**

پاڵپشت بە (ماددەی ٢ ، ٣ ، ٥- چوارەم/ ١، ماددەی ٤٠- ٤٣ ، ماددەی ٥٠) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان و پاڵپشت به (ماددەی ٥/ چوارەم/ ٢ و ٣) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان و هەروەها پاڵپشت بە ( ماددەی ٤٩-١) لە یاسای ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ی یاسای شارستانی عێراقی، هەروەها پاڵپشت بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٥٩٣) لە (٢٠١٨/١٠/١٧) سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە دارشتنی رێنمایی کردنەوەی لقی زانکۆی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە: -

## رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩
## رێنمایی کردنەوەی لقی زانکۆی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

**ماددە(١):-**
هەر زانکۆیەکی ئاست بەرز و رەسەن بە مەرجێك زانکۆی دایك لە نێو ریزبەندی زانکۆکانی جیهاندا ئاستی لە ریزبەندی (١٠٠٠) هەزارەمینی زانکۆکانی جیهان بێت لە هەمان ساڵی پێشکەشکردن بە پێی ئەو سیستمەی ریزبەندی کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دیاری دەکرێت، دەتوانێت پرۆپۆزەڵ پێشکەش بکات بۆ کردنەوەی لقی زانکۆکە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ، بەپێچەوانەوە ناتوانێت لقی زانکۆکە لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە.

**ماددە(٢):-**
لقی ئەم زانکۆ نێودەوڵەتیانە یاسای ووڵاتی زانکۆی دایک بەسەریان جێبەجێ دەکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسا و رێنماییەکانی هەرێمی کوردستان و ماددە هاتووەکانی ئەم رێنماییە.

**ماددە(٣):-**
دەستەی ئەمنیدارانی زانکۆی دایک سەرپەرشتی ئەم لقی زانکۆ نێودەوڵەتیانە لەهەرێمی کوردستان دەکات

**ماددە(٤):-**
لقی ئەم زانکۆ نێودەوڵەتیانە لە هەرێمی کوردستان کەسایەتی یاسایی مەعنەویان هەیە.

**ماددە(٥):-** ئامادەکردنی پرۆپۆزەڵی کردنەوەی لقی زانکۆی تایبەت:
سەرۆکایەتی زانکۆی دایك پێویستە پرۆپۆزەڵێکی زانستی دەربارەی پرۆژەکە پێشکەش بکەن و ئەم زانیاریانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

١- پێویستە ڕوئیا و پەیام وئامانجەکانی پرۆژەکە بەشێوازێکی ورد و ڕوون ومەنهەجی دیاری بکرێت

٢- پلانی ستراتیجی و میکانیزمی جێبەجێ کردن وپلانی چارەسەرکردنی گرفت و بەربەستەکان دیاری بکرێت.

٣- پەیکەری کارگێڕی و ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبردن وئەرک و بەرپرسیارێتیەکان دەستنیشان بکرێت.

٤- دیاریكردنی سیستمی بەڕێوەبردن و سەركردایەتیكردنی دامەزراوەكە و میكانیزمی چەسپاندنی شەفافیەت و دەرفەتی یەكسان و بنەماكانی دادپەروەری كۆمەڵایەتی.

٥- داڕشتنی پرۆگرام و یەكەكانی خوێندن وچوارچێوەی بڕوانامەكان و ئاكامەكانی پڕۆسەی خوێندن و فێركـردن بەجۆرێـك كە گونجـاو بێـت لەگەڵ سیسـتمە كـارپێكراوە جیهانییەكـان ، بەتـایبەت سیستمی بۆلۆنیا.

٦- داڕشتنی پلانی گونجاو بۆ هەڵسەنگاندنی ئاكامەكانی پرۆسەی خوێندن و فێركردن لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ ئاستی فێربوون و ئاستی مامۆستایان و بەدواداچوونی دەرچووان.

٧- داڕشتنی پلانی گونجاو بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی پڕۆگرامەكان.

٨- پێشكەشكردنی وردەكاری میكانیزمی جێبەجێ كردنی بنەماكانی دڵنیایی جۆری پڕۆسەی خوێندن و فێركردن و توێژینەوە.

٩- پێشكەشكردنی میكانیزمی كاركردن بۆ بەدەستهێنانی متمانەی نێودەوڵەتی بۆ پرۆگرامەكانی خوێندن .

١٠- وردەكاری توانا مرۆییەكان و ستافی ئەكادیمی و كارگێڕی و هونەری بۆ جێبەجێ كردنی پرۆژەكە و دیاریكردنی سیاسەتی گشتی ڕاكێشان و دامەزراندنی ستافی زانستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

١١- وردەكاری بینا و ژێرخان و سەرچاوە زانستییەكانی پێویست بۆ جێبەجێ كردنی پرۆژەكە.

١٢-دیـاریكردنی بـودجەی پێویسـت بـۆ جێبەجێكردنـی پـرۆژەكە و ڕونكـردنەوەی پـلان و سیاسـەتی دارایی .

١٣- دیاریكردنی سیاسەتی گشتی پەیوەندییە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەكانی دامەزراوەكە، و دانانی میكانیزمی گونجاو بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندی نێودەوڵەتی و پەیوەندی لەگەڵ كۆمەڵگە.

١٤-دانانی سیاسەتی گشتی توێژینەوەی زانستی و میكانیزمی گەشەپێدانی چالاكی توێژینەوە.

١٥-دیاریكردنی میكانیزمی پێویست بۆ جێبەجێ كردنی دڵنیایی جۆری كارگێڕی.

**ماددە(٦):-** پێشكەشكردنی پرۆپۆزەڵ:

سەرۆكایەتی زانكۆی دایك بە نووسراوێكی فەرمی، پرۆپۆزەڵی ئامادەكراو لەگەڵ هەموو بەراییەكان پێشكەش بە (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ سكرتاریەتی لیژنەی باڵای مۆڵەتپێدان و متمانە بەخشینی زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان) دەكات و بەپێی ڕێنماییەكان ڕسوماتی دارایی دیاریكراو بە وەزارەت دەدات.

**مادده(٧):-** هەڵسەنگاندنی پڕۆپۆزەڵ:

**قۆناغی یەکەم:** پڕۆپۆزەڵی پێشکەش کراو، لە لایەن (لێژنەی باڵای مۆڵەتپێدان و متمانەبەخشینی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان) خوێندنەوەی وردی بۆ ئەنجام دەدرێت و ڕاپۆرتی سەرەتایی لەبارەیەوە ئامادە دەکرێت و ڕاپۆرتەکە لەگەڵ وێنەیەک لە پڕۆپۆزەڵی پیشکەشکراو لەگەڵ هەموو ئەندامانی لێژنەی مۆڵەتپێدان و متمانەبەخشینی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان هاوبەش دەکرێت.

**قۆناغی دووەم:** دوای خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی پڕۆپۆزەڵی پیشکەش کراو، خاوەنەکانی پرۆژەکە بانگهێشت دەکرێن بۆ کۆبوونەوەی فەرمی لەگەڵ (لێژنەی مۆڵەت پێدان و متمانەبەخشینی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان) بۆ مەبەستی پیشکەشکردنی (پریزێنتەیشنێک) دەربارەی پرۆژەکە، لە کۆبوونەوەکەدا دەرفەت دەدرێتە خاوەن پرۆژەکان کە بە وردی باس لە پلان و وردەکارییەکانی پرۆپۆزەلەکە بکەن و لەلایەن ئەندامانی لێژنە گفتوگۆی زانستی وردیان لەگەڵ ئەنجام دەدرێت.

**قۆناغی سێیەم:** لێژنەی مۆڵەتپێدان و متمانەبەخشینی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان گفتوگۆی کۆتایی دەربارەی پڕۆژەکە دەکەن و لە کاتی پێویستدا کەسانی پسپۆڕ یان لێژنەی لاوەکی تەکنیکی پێکدەهێنن بۆ هەڵسەنگاندنی وردی لایەنە زانستیی و تەکنیکییەکانی پرۆژەکە.

**قۆناغی چوارەم:** لێژنەی مۆڵەتپێدان و متمانەبەخشینی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان کۆنووسی کۆتایی ئامادە دەکات و پێشکەشی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکرێت بۆ مەبەستی پەسەندکردنی.

-بڕیاری کۆتایی کردنەوەی لقی زانکۆی نێودەوڵەتیەکە: بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکان ، لەکاتی داواکاری کردنەوەی لقی زانکۆی نێودەوڵەتیەکە ، دوای پەسەندکردنی کۆنووسی کۆتایی لیژنە لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ، پڕۆژەکە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکرێت بۆ مەبەستی ئەنجامدانی گفتوگۆ و پەسەندکردنی ، لە حاڵەتی پەسەندکردنی لە لایەن ئەنجومەنی وەزارەت، دواجار پڕۆژەکە ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت بۆ پەسەندکردنی کۆتایی.

**مادده(٨):-**

ئەو داوا دادگایانەی پەیوەستن بە لقی ئەم زانکۆ نێودەوڵەتیانە لە هەرێمی کوردستان دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی دادگاکانی هەرێمی کوردستان.

**مادده(٩):-** مەرجە گشتییەکان:

١- ستافی وانەوتنەوە لە لقی زانکۆ نێودەوڵەتیەکە لە هەرێمی کورستان، مەرجە بە لایەنی کەم (٥٠%)ی ستافی نێودەوڵەتی بێت.

٢- پێویستە ژێرخان و پێداویستی زانستی لقی زانکۆ نێودەوڵەتیەکە لە هەرێمی کوردستان بەهەمان ستانداردی زانکۆی دایک دەستەبەر بکرێت.

٣- لقی زانکۆکە دەبێت پابەند بێت بە پێدانی باج و رسومات بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێراوەکانی هەرێمی کوردستان.
٤- پێویستە لقی زانکۆکە هاوشێوەی زانکۆی دایک متمانەی نێودەوڵەتی هەبێت.
٥- پرۆسەی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین و سیستمی بەڕێوەبردن لە لقی زانکۆ نێودەوڵەتیەکە لە هەرێمی کورستان، بە هەمان مەرج و ڕێنمایی زانکۆی دایك دەبێت.
٦- مەرج و ڕێنمایی وەرگرتنی قوتابی/خوێندکار لە لقی زانکۆ نێودەوڵەتیەکە لە هەرێمی کورستان ، هەمان مەرج و ڕێنمایی زانکۆی دایك دەبێت، بۆیە مەرجە لە کاتی پێشکەش کردنی پڕۆپۆزەلی کردنەوەی لقی زانکۆی دایك وێنەیەك لە ڕێنمایی وەرگرتنی قوتابی/خوێندکاری زانکۆی دایك لە هەر بەشێکی زانستی کە پێشنیاز دەکرێت بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە لەگەڵ پرۆپۆزەلەکە هاوپێچ بکرێت.
٧- پڕۆگرامی خوێندنی بەشەکان لە لقی زانکۆ نێودەوڵەتیەکە لە هەرێمی کورستان، هەمان پرۆگرامی خوێندنی بەشەکانی زانکۆی دایك دەبێت، بۆیە مەرجە لە کاتی پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵی کردنەوەی لقی زانکۆی دایك وێنەیەك لە پڕۆگرامی خوێندنی بەشەکانی زانکۆی دایك لە هەر بەشێکی زانستی کە دەیانەوێت لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە لەگەڵ پرۆپۆزەڵەکە هاوپێچ بکرێت.
٨- لە کاتی دانانی پڕۆگرام، پێویستە ڕەچاوی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان بکرێت.
٩- پلانی وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکاران لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دیاری دەکرێت و پەسەند دەکرێت.
١٠- مۆڵەت دان بەکردنەوەی بەشی زانستی و کۆلێژ/ فاکەڵتی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی/ لیژنەی باڵای مۆڵەتپێدان و متمانەبەخشینی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دەبێت.
١١- سەرۆکی زانکۆ و راگری کۆلێژ لە لایەن لقی زانکۆکە لە هەرێمی کوردستان پێشنیار دەکرێت و لەلایەن وەزارەت پەسەند دەکرێت بە پێی ڕێنمایی زانکۆی دایك.
١٢- واباشترە سەرۆکی لقی زانکۆ نێودەوڵەتیەکە هەڵگری ڕەگەزنامەیووڵاتی زانکۆی دایك بێت.
١٣- پۆستی سەرۆکی لقی زانکۆ دەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بانگەوازی بۆ بکرێت و هەمان مەرج و ڕێنماییەکانی زانکۆی دایکی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.
١٤- ئەگەر زانکۆی دایك ویستی لقی تر لە شارێکی دیکەی هەرێمی کوردستان بکاتەوە، پێویستە دووبارە پرۆپۆزەل پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان.

١٥- لقی ئەو زانکۆ نێودەوڵەتیانەی کەلە هەرێمی کوردستان پێش دەرچوونی ئەم رێنماییە کراونەتەوە ، مەرجە لە سەرەتایساڵی داهاتووی خوێندن (٢٠١٩-٢٠٢٠) خۆیان لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم رێنماییە بگونجێنن.

١٦- پێویستە دۆکیومێنتەکانی بڕوانامەی ئامادەیی قوتابیانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان وردبینی و یەکسانکردنی بۆ بکرێت.

١٧- لە حاڵەتێکدا ئەگەر زانکۆی دایک پەیوەندی بە لقی زانکۆکە لە هەرێمی کوردستان پچڕا، یان لقی زانکۆکە لە هەرێمی کوردستان پەیوەندی لەگەڵ زانکۆی دایک پچڕا، ئەوا وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی کردنەوەی لقی زانکۆکە لە هەرێمی کوردستان هەڵدەوەشێنێتەوە و چارەسەری گونجاوی یاسایی و زانستی بۆ قوتابیان و خوێندکاران دەستنیشان دەکات.

١٨- مەرجە لە وێبسایتی سەرەکی زانکۆی دایک ئاماژە بە هەبوونی لقی زانکۆ نێودەوڵەتیەکە لە هەرێمی کوردستان بدرێت.

**مادده(١٠):-**

ئەم رێنماییە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**د.یوسف گۆران**

**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم رێنماییە**

لە پێناو رەخساندنی هەلی وەبەرهێنان لە بواری خوێندنی باڵا و هاندانی زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان بۆ کردنەوەی لقی زانکۆکانیان لە هەرێمی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و دروستکردنی کێبرکێی زانستی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رێنمایی کردنەوەی لقی زانکۆی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان-عێراق دەرکرد، ئامانج لەم رێنماییە بریتیە لە رەخساندنی هەلی خوێندنی زیاتر بۆ قوتابیانی هەرێمی کوردستان و نێودەوڵەتی بە رەچاوکردنی پرۆسەی بەرزڕاگرتنی کواڵیتی خوێندن.

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٢٢٣٦ لە ٢٠١٩/٥/٢٨**

پاڵپشت بە ماددەی ( **٧** ) / بڕگەی سێیەم لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە ( ١٢ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی ( ٤٦ ) لە پەیڕەوی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٨ ئەم رێنماییەمان دەرکرد :

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**
**تایبەت بە کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن**
**سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی (١):**
هێزی جێبەجێ کردن بریتییە لەو هێزەی کە هەڵدەستێت بە پاراستنی چاکسازییەکان ، پێك دێت لە بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری چاکسازییەکان و یاریدەدەرەکانیان و مەئموور و چاودێر و پاسەوانی چاکسازی .
**ماددەی (٢):**
رێککاری سەربازی بەرکار ( **النافذ** ) لەسەر کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن جێبەجێ دەکرێت ، وە لەسەریانە گوێ رایەڵی سەرووی خۆیان بن هەروەك هێزەکانی سوپا و ئاسایشی ناوخۆ لەکاتی دەوام و ئەرکی فەرمیدا .
**ماددەی (٣):**
پێویستە لەسەرکارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن پابەندبن بەرێك پۆشی وجل وبەرگی فەرمی دەستنیشان کراو بۆیان بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ پێگەی کارکردنیان لەکاتی ئەرك ودەوامی فەرمیدا .
**ماددەی (٤):**
کارمەندی هێزی جێبەجێ کردن جگە لەو مەرجە گشتییانەی کە لە دەقەکانی یاسای راژەی شارستانی هاتووە ، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت بۆ دامەزراندن :
**یەکەم:** پێشینەی تاوانی ئابڕو وبەری نەبێت .
**دووەم:** تەمەنی لە ( **٢٥** ) ساڵ کەمتر و لە ( **٣٥** ) ساڵ زیاتر نەبێت .
**سێیەم:** لەچاوپێکەوتنی لێژنەی تایبەت کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی پێکی دەهێنێت دەربچێت
**چوارەم:** مەرجەکانی باڵا و جەستەو تەندروستی تێدا بێت کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی دیاریان دەکات .
**پێنجەم:** ئامادەیی تێدا بێت کە هەر ئەرك و فەرمانێك پێی دەسپێردرێت جێبەجێ یان بکات .

**شەشەم:** بەڵێننامەی یاسایی هەبێت کە تا ماوەی ( ١٠ ) ساڵ داوای گۆڕینی ناونیشان بۆ شارستانی وگواستنەوەی راژە بۆ دەرەوەی بەرێوەبەرایەتی چاکسازی نەکات .

**حەفتەم:** کەفالەتی نەختینەیی بە بڕی ( ٥٠٠٠٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار کە لە لایەن دادنووسەوە پەسەند کرابێ پێشکەش بکات لە بڕی ئەو کەل و پەلانەی پاش دامەزراندن وەری دەگرێت ، وە دەکرێت بڕەکە زیاد بکرێت لە کاتی پێدانی کەل و پەلی زیاتر .

**هەشتەم:** لە کاتی گواستنەوەو گۆڕینی ناونیشانی هەر فەرمانبەرێکی شارستانی بۆ سەر میلاکی هێزی جێبەجێ کردن پێویستە بە پلەی پاسەوانی چاکسازی دەست بەکاربێ ، پاش تەواوکردنی خولی تایبەت کە لە ماددەی پێنجەم ئاماژەی پێکراوە ، وە دوای **یەك ساڵ** کە ئەرکەکانی بەرێك و پێکی جێبەجێ کرد ئینجا پلەی شایستەی خۆی وەربگرێت .

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** پاش تەواو بوونی خولی تایبەت بە کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن کە ماوەکەی لە **( ٣ )** مانگ کەمتر نەبێت ، بەم شێوەیەی خوارەوە پلەکانیان پێ دەدرێت :

١. **پلەی ( ١٠ ) و ( ٩ )** وەك پاسەوانی چاکسازی دەست بەکار دەبن .

٢. **پلەی ( ٨ )** وەك چاودێری **پلە چوار** دەست بەکار دەبن .

٣. **پلەی ( ٨ ) پایە / ٦** وەك چاودێری **پلە سێ** دەست بەکار دەبن .

٤. **پلەی ( ٧ )** وەك مەئمووری **پلە سێ** دەست بەکار دەبن .

**دووەم:** لە خوارەوە پلەو پایەو هێمای کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن وە ماوەی پلەبەرزکردنەوەیان دەستنیشان دەکەین بەپێی خشتەی ژمارە ( ١ ) و پاشکۆی ژمارە ( ٢ )ی هاوپێچ :-

١. پلەو پایەو هێمای بەرێوەبەری گشتی و بەرێوەبەرەکانی چاکسازی و یاریدەدەرەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت کە لەسەر شانی دادەنرێت :-

| ت | پلەی وەزیفی | پایە | پلەی چاکسازی | پلە | هێمای پلەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەرێوەبەری گشتی | | **لیوای چاکسازی** | | تاجێکە پێکهاتووە لە ئارمی هەرێم وئارمی و.کار لە نێوان دوو شیردا لە ناوەراستی دەبێت . |
| ٢ | ی . بەرێوەبەری گشتی | | **عمیدی چاکسازی** | | تاجێکە پێکهاتووە لە ئارمی هەرێم و٣ ئەستێرەی ٨ گۆشەیی و ئارمی و.کار لە ناوەراستی دەبێت . |
| ٣ | بەرێوەبەری چاکسازی | **٥ ساڵ** | **عقیدی چاکسازی** | | تاجێکە پێکهاتووە لە ئارمی هەرێم و٢ ئەستێرەی ٨ گۆشەیی و ئارمی و.کار لە ناوەراستی دەبێت . |
| ٤ | ی.بەرێوەبەری چاکسازی | **٥ساڵ** | **مقدمی چاکسازی** | | تاجێکە پێکهاتووە لە ئارمی هەرێم ١ ئەستێرەی ٨ گۆشەیی و ئارمی و.کار لە ناوەراستی دەبێت . |

٢. پلەو پايەو هێماى مەئمووری چاكسازی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت كە لەسەر شانی دادەنرێت:

| ت | پلەی وەزيفی | پايە | پلەی چاكسازی | پلە | هێمای پلەكان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پاسەوانی چاكسازی | ٤ ساڵ | مەئموری چاكسازی سێ | ٧ | يەك ئەستێرەی ٨ گۆشەيی ، ئارمی و.كاری تێدا بێت |
| ٢ | پاسەوانی چاكسازی | ٤ ساڵ | مەئموری چاكسازی دوو | ٦ | دوو ئەستێرەی ٨ گۆشەيی ، ئارمی و.كاری تێدا بێت |
| ٣ | پاسەوانی چاكسازی | ٥ ساڵ | مەئموری چاكسازی يەك | ٥ | سێ ئەستێرەی ٨ گۆشەيی ، ئارمی و.كاری تێدا بێت |
| ٤ | پاسەوانی چاكسازی | ٥ ساڵ | سەرۆكی مەئمورەكان | ٤ | تاجێكە پێكهاتووە لە ئارمی هەرێم . |

٣. پلەو پايەو هێمای چاودێری چاكسازی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت كە لەسەر يەخەی كراس هەڵدەواسرێت :-

| ت | پلەی وەزيفی | پايە | پلەی چاكسازی | پلە | هێمای پلەكان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پاسەوانی چاكسازی | ٤ ساڵ | چاودێری چاكسازی ٤ | ٨ | يەك ئەستێرەی هەشت گۆشەيی ئارمی و.كاری تێدا بێت لە سەر يەخەی كراسەكەی دەبێت. |
| ٢ | پاسەوانی چاكسازی | ٤ ساڵ | چاودێری چاكسازی ٣ | ٧ | دوو ئەستێرەی هەشت گۆشەيی ئارمی و.كاری تێدا بێت لە سەر يەخەی كراسەكەی دەبێت. |
| ٣ | پاسەوانی چاكسازی | ٤ ساڵ | چاودێری چاكسازی ٢ | ٦ | سێ ئەستێرەی هەشت گۆشەيی ئارمی و.كاری تێدا بێت لە سەر يەخەی كراسەكەی دەبێت. |
| ٤ | پاسەوانی چاكسازی | ٤ ساڵ | چاودێری چاكسازی ١ | ٥ | تاجێك پێک هاتووە لە ئارمی هەرێم لەسەر يەخەی كراس دادەنرێت. |

٤. پلەو پايەو هێمای پاسەوانی چاكسازی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت كە لەسەر قۆڵی لای چەپ دادەنرێت :-

| ت | پلەی وەزيفی | پايە | پلەی چاكسازی | پلە | هێمای پلەكان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پاسەوانی چاكسازی | ٢ ساڵ | پاسەوانی ٥ | ١٠ | |
| ٢ | پاسەوانی چاكسازی | ٤ ساڵ | پاسەوانی ٤ | ٩ | خەتێک بەرەنگی سوور لەسەر شێوەی ٧ لەسەر قۆڵی لای چەپی دادەنرێت . |
| ٣ | پاسەوانی چاكسازی | ٤ ساڵ | پاسەوانی ٣ | ٨ | دوو خەت بەرەنگی سوور لەسەر شێوەی ٧ لەسەر قۆڵی لای چەپی دادەنرێت . |
| ٤ | پاسەوانی چاكسازی | ٤ ساڵ | پاسەوانی ٢ | ٧ | سێ خەت بەرەنگی سوور لەسەر شێوەی ٧ لەسەر قۆڵی لای چەپی دادەنرێت . |
| ٥ | پاسەوانی چاكسازی | ٤ ساڵ | پاسەوانی ١ | ٦ | چوار خەت بەرەنگی سوور لەسەر شێوەی ٧ لە سەر قۆڵی لای چەپی دادەنرێت . |
| ٦ | پاسەوانی چاكسازی | ٤ ساڵ | سەرۆكی پاسەوانان | ٥ | خەتێک بەرەنگی سوور لەسەر شێوەی ٧ ئەستێرەيەكی ٨ گۆشەيی كە ئارمی و.كاری تێدا بێت لەسەر قۆڵی لای چەپی دادەنرێت . |

**ماددەی (٦):**

پلە بەرزکردنەوەی پاسەوان وچاودێر و مەئموورەکان لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر بەپێی ڕێککارەکانی پلە بەرزکردنەوە و بەرزەفتکردن دەبێت کە لە ناو چاکسازییەکان پەیڕەو دەکرێت .

**ماددەی (٧):**

بەرێوەبەرایەتی گشتی هەڵدەستێت بە دابینکردنی پۆشاکی هاوینە لەسەرەتای مانگی نیسان و پۆشاکی زستانە لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێك بۆ سەرجەم کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەت ، بە پێی خشتەی هاوپێچی ژمارە **( ٢ )** و **( ٣ )** .

**ماددەی (٨):**

بەڕێوەبەری چاکسازی بۆی هەیە هەر کارمەندێکی هێزی جێبەجێ کردن راسپێرێ بۆ ئەنجامدانی هەر ئەرکێك لە هەر بەشێکی چاکسازی .

**ماددەی (٩):**

بەپێی ئەم رێنمایيە ، پێویستە لە رێگای لێژنەیەکی تایبەت کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی پێك دەهێنرێت پێداچوونەوە بکرێت بە پلەوپایەکان .

**ماددەی (١٠):**

ئارمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کە هاوپێچە لەپاشکۆی ژمارە **(١)** پێویستە هەڵبواسرێت لە سەرجەم فەرمانگەکانی چاکسازی و دابنرێت لەپێشەوەی بێریە و لەسەر قۆڵی شانی راست وچەپی هەموو کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن بۆ ناسینیان لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان .

**ماددەی (١١):**

لە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە کار بە هیچ ڕێنماییەکی پێشووتر ناکرێت.

**ماددەی (١٢):**

ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ).

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیـــری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەوەکالەت**

## پاشکۆی خشتەی ژمارە ( ١ ) لە ڕێنمایی ( ١ ) ساڵی ٢٠١٩

| ز | پۆست | پلە |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی | |
| ٢ | یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی | |
| ٣ | بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی | |
| ٤ | سەرۆکی مەئمورەکان | دووەم |
| ٥ | سەرۆکی پاسەوانانی چاکسازی– سەرۆکی مەئمورەکان | سێیەم |
| ٦ | چاودێری چاکسازی یەکەم – مەئموری یەکەم | پێنجەم |
| ٧ | پاسەوانی چاکسازی یەکەم - چاودێری چاکسازی دووەم – مەئموری دووەم | شەشەم |
| ٨ | پاسەوانی چاکسازی دووەم - چاودێری چاکسازی سێ یەم – مەئموری سێ یەم | حەوتەم |
| ٩ | پاسەوانی چاکسازی سێ یەم - چاودێری چاکسازی چوارەم | هەشتەم |
| ١٠ | پاسەوانی چاکسازی چوارەم | نۆیەم |

## پاشکۆی خشتەی ژمارە ( ٢ ) لە ڕێنمایی ( ١ ) ساڵی ٢٠١٩
## جل و بەرگی هاوینەی هێزی جێبە جێکار - ژنان

| ژ | جۆری کەل و پەل | ژمارەی | ماوەی بەکارهێنانی بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | کراسی شین بە کەتافی | **١** | **١** |
| ٢ | تەنورە یان پانتۆڵی نیلی تۆخ | **١** | **١** |
| ٣ | پێڵاوی رەشی کورت | **١** | **١** |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی نیلی | **١** | **١** |
| ٥ | قەیتانی سەرشان بە رەنگی نیلی و سپی | **١** | **١** |
| ٦ | کاسکێت بە رەنگی نیلی تۆخ | **١** | **١** |
| ٧ | ئارمی هەرێمی کوردستان( معدنی ) بۆ پێشەوەی کاسکێت | **١** | **٣** |
| ٨ | ئارمی وەزارەتی کار بۆسەر قۆڵی راست و چەپ | **٢** | **١** |

## جل و بەرگی زستانەی هێزی جێبەجێکار / ژنان

| ژ | جۆری کەل و پەل | ژمارەی | ماوەی بەکارهێنانی بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | کراسی شین بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٢ | تەنورە یان پانتۆڵ نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی رەشی کورت | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی نیلی | ١ | ١ |
| ٥ | چاکێتی نیلی بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٦ | پاڵتۆی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٧ | ئارمی وەزارەتی کار بۆسەر قۆڵی راست و چەپ | ٢ | ١ |
| ٨ | بارانگێر بە رەنگی نیلی تۆخ | ١ | ١ |

## پاشکۆی خشتەی ژمارە ( ٣ ) لە رێنمایی ( ١ ) ساڵی ٢٠١٩
## جل و بەرگی هاوینەی هێزی جێ بە جێکار - پیاوان

| ژ | جۆری کەل و پەل | ژمارەی | ماوەی بەکارهێنانی بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | کراسی شین بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٢ | پانتۆڵ نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی رەشی کورت | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی نیلی | ١ | ١ |
| ٥ | قەیتانی سەرشان بە رەنگی نیلی و سپی | ١ | ١ |
| ٦ | کاسکێت بە رەنگی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٧ | ئارمی هەرێمی کوردستان( معدنی ) بۆ پێشەوەی کاسکێت | ١ | ٣ |
| ٨ | ئارمی وەزارەتی کار بۆسەر قۆڵی راست و چەپ | ٢ | ١ |
| ٩ | قایشی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ١٠ | هەگبەی فیشەك ( جعبة عتاد ) بە ڕەنگی نیلی | ٢ | ١ |
| ١١ | بەدلەی کارکردن رەنگی خاکی | ١ | ١ |
| ١٢ | کاسکێتی سەر بە رەنگی نیلی | ١ | ١ |

## جل و بەرگی زستانەی هێزی جێبەجێکار / پیاوان

| ژ | جۆری کەل و پەل | ژمارەی | ماوەی بەکارهێنانی بە ساڵ |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | کراسی شین بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٢ | پانتۆڵ نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی رەشی کورت | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی نیلی | ١ | ١ |
| ٥ | چاکێتی نیلی بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٦ | قەمصەڵە یان پاڵتۆی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٧ | ئارمی وەزارەتی کار بۆسەر قۆڵی راست و چەپ | ٢ | ١ |
| ٨ | بارانگیر بە رەنگی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٩ | بەدلەی کارکردن رەنگی خاکی | ١ | ١ |
| ١٠ | نیتاق بە رەنگی خاکی | ١ | ١ |
| ١١ | کاسکێتی سەر بە رەنگی نیلی | ١ | ١ |

پاشکۆی ژمارە (١) ئارمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی

پاشکۆی ژمارە (٢) / سەرجەم هێمای پلەکان : -

ئارمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەستێرە لەسەر وێنە ٨ گۆشەیی کە ئارمی وەزارەتی کاری بەسەرەوەیە

بەرێوەبەری گشتی




تاجێك كە پێكهاتووە لە ئارمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ دوو شیر وئەستێرەیەك لەسەر وێنەی ٨ گۆشەیی كە ئارمی وەزارەتی كاری بەسەرەوە بێت لەسەر شان وەك وینەی هاتوو لە سەرەوە.

ی . بەرێوەبەری گشتی




تاجێك كە پێكهاتووە لە ئارمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ سێ ئەستێرە لەسەر وێنەی ٨ گۆشەیی كە ئارمی وەزارەتی كاری بەسەرەوە بێت لەسەر شان وەك وینەی هاتوو لە سەرەوە.

بەرێوەبەری چاكسازی




تاجێك كە پێكهاتووە لە ئارمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ دوو ئەستێرە لەسەر وێنەی ٨ گۆشەیی كە ئارمی وەزارەتی كاری بەسەرەوە بێت لەسەر شان وەك وینەی هاتوو لە سەرەوە

ی.بەرێوەبەری چاكسازی




تاجێك كە پێكهاتووە لە ئارمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ یەک ئەستێرە لەسەر وێنەی ٨ گۆشەیی كە ئارمی وەزارەتی كاری بەسەرەوە بێت لەسەر شان وەك وینەی هاتوو لە سەرەوە.

سەرۆكی مەئموران




تاجێك كە پێكهاتووە لە ئارمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر وەك وینەی هاتوو لە سەرەوە.

مەئموری یەکەم




سێ ئەستێرە لەسەر وێنەی ٨ گۆشەیی کە ئارمی وەزارەتی کاری بەسەرەوە بێت لەسەر شان وەك وینەی هاتوو لە سەرەوە.

مەئموری دووەم




دوو ئەستێرە لەسەر وێنەی ٨ گۆشەیی کە ئارمی وەزارەتی کاری بەسەرەوە بێت لەسەر شان وەك وینەی هاتوو لە سەرەوە.

مەئموری سێیەم




یەک ئەستێرە لەسەر وێنەی ٨ گۆشەیی کە ئارمی وەزارەتی کاری بەسەرەوە بێت لەسەر شان وەك وینەی هاتوو لە سەرەوە.

چاودێری چاکسازی/ یەك



تاجێك کە پێکهاتووە لە ئارمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناو تەختێك بە رەنگی ڕەش لەسەر یەخەی چاکەت یان کراس

چاودێری چاکسازی/ دوو



سێ ئەستێرە لەسەر وێنەی ٨ گۆشەیی کە ئارمی وەزارەتی کاری بەسەرەوە بێت لە ناو تەختێك بە رەنگی ڕەش لەسەر یەخەی چاکەت یان کراس

## چاودێری چاکسازی/ سێ



دوو ئەستێرە لەسەر وێنەی ٨ گۆشەیی کە ئارمی وەزارەتی کاری بەسەرەوە بێت لە ناو تەختێك بە رەنگی ڕەش لەسەر یەخەی چاکەت یان کراس

## چاودێری چاکسازی/ چوار



یەک ئەستێرە لەسەر وێنەی ٨ گۆشەیی کە ئارمی وەزارەتی کاری بەسەرەوە بێت لە ناو تەختێك بە رەنگی ڕەش لەسەر یەخەی چاکەت یان کراس

### سەرۆکی پاسەوانانی چاکسازی




چوار هێڵ لەسەر وێنەی ژمارە ٧ بە ڕەنگی ڕەش و یەك ئەستێرە لەسەر وێنەی ٨ گۆشەیی کە ئارمی وەزارەتی کاری بەسەرەوە بێت لە ناوەندی لەسەر قۆڵی ڕاست وەك وێنەی سەرەوە.

### پاسەوانی چاکسازی/١




چوار هێڵ لەسەر وێنەی ژمارە ٧ بە ڕەنگی ڕەش لەسەر قۆڵی ڕاست وەك وێنەی سەرەوە.

### پاسەوانی چاکسازی/٢




سێ هێڵ لەسەر وێنەی ژمارە ٧ بە ڕەنگی ڕەش لەسەر قۆڵی ڕاست وەك وێنەی سەرەوە.

### پاسەوانی چاکسازی/٣



دوو هێڵ لەسەر وێنەی ژمارە ٧ بە ڕەنگی ڕەش لەسەر قۆڵی ڕاست وەك وێنەی سەرەوە.

### پاسەوانی چاکسازی/٤



یەک هێڵ لەسەر وێنەی ژمارە ٧ بە ڕەنگی ڕەش لەسەر قۆڵی ڕاست وەك وێنەی سەرەوە.

### پاسەوانی چاکسازی/٥

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٨٩٣٠ لە ٢٠١٩/٥/١٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و بە مەبەست زیاتر هەنگاونان بەرەو پیادەكردنی حكومەتی ئەلیكرۆنی و بە سیستەماتیك كردنی پلە بەرزكردنەوەی ئەفسەرانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ بە شێوەیەكی زانستی و پێشكەوتوو بۆ پێگەیاندنی ئەفسەری بە توانا و شارەزا بۆ خزمەتكردنی هاوڵاتیانی هەرێمی كوردستان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە بەم شێوەیەی خوارەوە :-

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩**
**تایبەت بە ئەلیكترۆنی كردنی تاقیكردنەوەی پلە بەرزكردنەوەی ئەفسەرانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ سەر بە وەزارەتی ناوخۆ**

**ماددەی (١):**

بەئەلیكترۆنی كردنی تاقیكردنەوەی ئەفسەرانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ بەمەبەستی پلە بەرزكردنەوەیان بەپێی یاسای خزمەت وخانەنشینی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠١١.

**ماددەی (٢):**

١- پێكهێنانی لیژنەیەكی باڵا بەسەرۆكایەتی بەرێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و ئەندامیەتی ڕاگرانی هەردوو كۆلێژی پۆلیس لە هەردوو پارێزگای (هەولێر و سلێمانی) بۆ دیاری كردنی ئەو بابەتانەی كە پێویستن بۆ بەرزكردنەوەی توانای ئەفسەرو شیاندنیان بۆ پلەبەرزكردنەوە

٢-لیژنەی بڕگە (١)ی سەرەوە هەر (٦) مانگ جارێك كۆدەبێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەكانی تاقیكردنەوەكە و زیادكردنی یان كەم كردنی بابەتەكان.

**ماددەی (٣):**

١- دامەزراندنی سیستەمێكی تاقیكردنەوەی ئەلیكترۆنی لەبەرێوەبەرایەتیەكانی هاتووچۆ لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بەسوود وەرگرتن لە سیستەمی تاقیكردنەوەی تیۆری مۆڵەتی شوفێری.

٢- پرسیارەكانی تاقیكردنەوەی پلەبەرزكردنەوەی ئەفسەران بە هەردوو زمانی كوردی وعەرەبی دەبێت بە شێوازی هەڵبژاردن( اختیارات).

٣- پێكهێنانی لیژنەیەكی لاوەكی لە بەرێوەبەری هەردوو باڵی كۆلێژی پۆلیس (هەولێر و سلێمانی) و سێ ئەفسەر كە هەڵگری بڕوانامەی دكتۆرا یان ماستەر بن بە مەبەستی دانان و پێداچوونەوە بەرپرسیارەكانی تاقیكردنەوە و بەرزترین ئەفسەر بە پلە دەبێتە سەرۆكی لیژنە.

٤- لیژنەی برگە (٣)ی سەرەوە هەر (٦) مانگ جارێك كۆدەبێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی پرسیارەكانی تاقیكردنەوەكە و زیادكردنی یان كەم كردنی پرسیارەكان و بەرزكردنەوەی بۆ لیژنەی باڵا بەمەبەستی پەسەندكردنی .

٥- بۆ هەرتاقیکردنەوەیەکی پلە بەرزکردنەوە ئەفسەر دەبێت وەڵامی (٥٠) پرسیار بداتەوە لەماوەی یەك کاتژمێردا و هەر پرسیارێك لەسەر (٢) نمرە دەبێت.
٦- دەرچوونی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان لەهەمان شوێنی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان بەشێوازێکی ئەلیکترۆنی دەبێت لەسەر شاشەیەکی تایبەت بڵاودەکرێتەوە ودواتر دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت.
٧- تاقیکردنەوەکە (٣)خولی دەبێت (خولی یەکەم/ خولی دووەم/خولی سێیەم) لە حاڵەتی دەرنەچوونی ئەفسەر دوای ( ٥ ) ڕۆژ دەچێتە خولی دواتر واتە نێوان خولەکان ( ٥ ) ڕۆژە.
٨- ئەگەر ئەفسەر لەهەر(٣) خولی تاقیکردنەوە دەرنەچێت ئەوا بە سەرنەکەوتوو دادەنرێت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ پلە بەرزکردنەوەی دوادەکەوێت.

**ماددەی (٤):**

گشت پرسیارەکان دەخرێتە سەر سایتی وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی سوود وەرگرتنی ئەفسەران لەم پرسیارانە .

**ماددەی (٥):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و فەرمان و بەیان و نووسراوێکی دیکە ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم بەیانە.

**ماددەی (٦):**

ئەم بەیانە لە خشتەی داهاتووی (کانوونی دووەم)ەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٠٣٣٤ لە ٢٠١٩/٦/١٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣) برگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای هاتووچۆی فیدراڵ ژمارە(٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ هەمواركراو ، و بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە(١٥٠٢) لە ٢٠١٩/٣/١٣ و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە (٢٨٩٨) لە ٢٠١٩/٥/٢٠ تایبەت بە فرۆشتنی ژمارە نایابەکان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە:-

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩**

**بەیانی تۆمارکردن و پێدانی تابلۆی شارستانی (العراق_حلبجة ) بە گشت جۆرەکانی ئۆتۆمبێلەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە و فرۆشتنی ژمارە نایابەکان لە ڕێگەی زیاد کردنی ئاشکرا**

**ماددەی (١):**

تەرخان کردنی تابلۆی (العراق _ حلبجة) و تۆمارکردن و مۆڵەتی شوفێری بەپێی یاسای هاتووچۆی فیدڕال ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ هەموار کراو.

١- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ئامێر و دەرکردنی مۆڵەتی شوفێری لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای هەڵەبجە بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان.
٢- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل وئامێر بە ناوی هاووڵاتی عێراق بەپێی یاسای هاتووچۆی ژمارە(٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ .
٣- گواستنەوەی ئۆتۆمبێل و ئامێری تۆمارکراو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگای هەڵەبجە لەسەر داوای خاوەنەکەی بەپێی ڕێنماییەکان.
٤- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی ژمارە کاتی هەرێم بەپێی مەنەفست و سەرەتاکان .
٥- گواستنەوی ئۆتۆمبێلی کرێ (تەکسی ٥ نەفەری ، ٧کەسی و ٨ تا ٤٥ نەفەری ) پێویستی بەڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگای هەڵەبجە دەبێت بەپێی ئەو پلانەی دانراوە بۆ پێداویستی پارێزگاکە.
٦- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڵاونامەی ژمارە(٦) ساڵی ٢٠٠٣ تۆمارکراون خاڵی (٣)ی سەرەوە نایگرێتەوە .
٧- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٧ تۆمارکراون ڕێنمایی خاڵی(٢)ی سەرەوە ناگرێتەوە و گواستنەوەیان بۆ ناکرێت تەنیا بۆ ئەوانەی نیشتەجێی سنووری پارێزگای هەڵەبجەن بەپێی پشتگیری نیشتەجێ بوون .
٨- بەرێوەبەری گشتی هاتووچۆی هەرێم بە فەرمان دەسەڵات دەدات بە ئەفسەری تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ئامێر وە هەروەها پێدانی مۆڵەتی شوفێری بەپێی بەشی یەکەم بڕگەی (١١) لە یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤.

٩- دابین کردنی گشت پێداویستی تۆمارکردن و تابلۆی ئۆتۆمبێل بەگشت جۆرەکانیەوە و پێداویستی دەرچواندنی مۆڵەتی شوفێری لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی.
١٠- کاراکردنی بەشی هونەری لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای هەڵەبجە وەکو ئەوەی لە پەیکەری رێکخستنی بەرێوەبەرایەتییەکە هاتووە.

**ماددەی (٢):**

فرۆشتنی ژمارە نایابەکان بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە (٢٨٩٨) لە ٢٠١٩/٥/٢٠

١- تەرخان کردنی ژمارە نایابەکان لە ژمارە(١ تاکو ١٠٠١) لە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بە پێی خشتەی هاوپێچی تایبەت بە دیاری کردنی نرخی تابلۆکان وەکو دەستپێکی دەست پێکردنی زیادکردنی ئاشکرا.
٢- لیژنەی فرۆشتن بە زیادکردنی ئاشکرا ( بەسەرۆکایەتی پارێزگاری هەڵەبجە ، بەرپێوەبەری هاتووچۆی هەڵەبجە ، هاتووچۆی گشتی ، بەرپێوەبەری گەنجینەی هەڵەبجە و وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری داواکاری گشتی وەکو چاودێر ).
٣- ژمارە نایابەکانی کە لە (١٠٠٠٢)ەوە بەرەوە سەرەوە دەست پێ دەکات لیژنەیەکی خەمڵاندن پێکدەهێندرێت (بەسەرۆکایەتی قائمقامی ناوەندی هەڵەبجە و ئەندامیەتی نوێنەرانی ب.گەنجینەی هەڵەبجە و بەرپێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەڵەبجە و داواکاری گشتی وەکو چاودێر) لە رێگای ئەم لیژنەوە ئەو ژمارانەی کە بە نایاب ئەژمار دەکرێن دەست نیشان دەکرێن بەنرخەکانیانەوە وەکو دەستپێکی دەست پێکردنی زیادکردنی ئاشکرا و فرۆشتنی لەلایەن لیژنەی برگە/٢ی سەرەوە.
٤- دەبێت بریاری خەمڵاندن و فرۆشتنی تابلۆ نایابەکان لەلایەن وەزیری ناوخۆ پەسەند بکرێت.

**ماددەی (٣):**

داهاتی تەرخان کردنی ئەو ژمارە نایابانەی کە لە ماددەی دووەمی ئەم بەیانە هاتووە دەخرێتە سەر دوو حسابی بانکی یەکێکیان تایبەت بە پارێزگای هەڵەبجە بە مەبەستی خەرجکردنی بە رێژەی(٨٠%) بۆپرۆژەکان و ئاوەدان کردنەوەی پارێزگای هەڵەبجە و ژمارە حسابیەکە تر تایبەت بەبەرپێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەڵەبجە بە رێژەی (٢٠%) بۆ پەرەپێدانی بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای هەڵەبجە و هەردوو حسابەکە بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ خەرج دەکرێت.

**ماددەی (٤):**

ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

**خشتەی بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩**

**خشتەی نرخی تەرخانکردنی ژمارەی تابلۆ نایابەکانی پارێزگای هەڵەبجە**

| ژ | ژمارەی تابلۆ | بڕی نرخ بۆ یەک ژمارە(دینار) | بڕی نرخ بۆ یەک ژمارە (نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ | یەک ملیار دینار |
| ٢ | ٢-٩ | ٦٠٠،٠٠٠،٠٠٠ | شەش سەد ملیۆن دینار |
| ٣ | ١٠-٩٩ | ٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠ | سێ سەد ملیۆن دینار |
| ٤ | ١٠٠ - ٩٩٩ | ٢٠٠،٠٠٠،٠٠٠ | دوو سەد ملیۆن دینار |
| ٥ | ١٠٠٠ | ١٨٠،٠٠٠،٠٠٠ | سەد و هەشتا ملیۆن دینار |
| ٦ | ١٩٨٨ | ٦٠٠،٠٠٠،٠٠٠ | شەش سەد ملیۆن دینار |

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ وە ، بڕیارماندا بە:-

**بەیانی(١٨)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی ( سەنتەری ڕانیە بۆ نەخۆشیەکانی مەمک ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٨.

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم القرار : ٦**
**تأريخ القرار : ٢٠١٩/٥/٢٨**

**القرار**

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة(٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ لمعدل ، والبند ( ٥ و ٦) من فقرة (اولاً) من المادة (٤) من القانون رقم (١) لسنة ٢٠١٩ ، قرر برلمان كوردستان – العراق , بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠١٩/٥/٢٨ مايلي :

**أولا :**

انتخاب السيد (نيچيرڤان ادريس مصطفى البارزاني) رئيساً لاقليم كوردستان – العراق .

**ثانيا:**

يعتبر هذا القرار نافذاً من تاريخ ٢٠١٩/٥/٢٨ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان ) .

**د.ڤالا فريد ابراهيم**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم القرار : ٧**
**تأريخ القرار : ٢٠١٩/٦/١١**

**القرار**

استناداً لحكم الفقره (٣) من الماده (٥٦) من القانون رقم (١) لسنه ١٩٩٢المعدل، قرر برلمان كوردستان ـ العراق، بجلسته المنعقده بتاريخ ٢٠١٩/٦/١١ مايلى:

**أولا:**

تسميه السيد (مسرور مسعود مصطفى البارزانى) رئيساً لمجلس وزراو اقليم كوردستان ـ العراق.

**ثانيا:**

يعتبر هذا القرار نافذاً من تاريخ ٢٠١٩/٦/١١ وينشـر في الجريده الرسـميه (وقائع كوردستان).

**د.ڤالا فريد ابراهيم**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**